

# هونەرەکانی
# فیلمسازی

# Cinematic Artistic Creation



# هەنگاوە بنەڕەتیەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکۆمێنت

شاخەوان ئیدریس

*** ئایا فیلمی دۆکۆمێنتی پێویستی بەسیناریۆ هەیە!؟**

زۆربەی هەرەزۆری لێکۆڵینەوەکان و پسپۆڕان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان کۆکن لەسەر ئەوەی کرۆکی سەرەکی فیلمی دۆکۆمێنتی تەنها بیرۆکەیە، بەتایبەتیش کاتێک دەرهێنەر یا ئەنجامدەری بابەتەکە زانیاری و بەڵگە و دۆکۆمێنت لەتوێی بابەتەکەی پێشکەش دەکات، ئەوەش بەشێوەیەکی زانیاری و سادە و ساکار، کەواتە گەر بەووردی سەرنج بدەین بۆمان بەدیار دەکەوێت کە سیناریۆ (ئەویش کەبریتیە لە وەسفکردنی تەواوی فیلمی سینەمایی لەسەر کاغەز بە وردەکاری پیشاندانەکانی (جوولەو و دیمەن و ئاخاوتن) کەگشتیان هێلکاریان بۆ دیاریکراوە و دەستکردن و پێویستیشە دەستکردبن) لە فیلمی دۆکۆمێنتی پێویستی پێنیە بەڵکو هەر ناشێ سیناریۆ هەبێ بەو واتایەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە لەبەر ئەوەی لە فیلمی دۆکۆمێنتی ئێمە تەنها مامەلە لەگەڵ دەوروبەرمان دەکەین و پێویستە تا ئەو پەڕی توانا راستیەکان پیشان بدەین، گەر سیناریۆش دابڕێژین ئەوا سەرکەوتوو نابین و ناتوانین راستیەکان وەکو خۆیان پیشان بدەین، لەزۆربەی فیلمەکانیش تەنانەت گەر پلانی کارکردنیش هەبێ ئەوا دەرهێنەر لەپێناو هەندی دەستکەوتی هونەری پلانەکانی خۆی فەرامۆش دەکات، پلانێکی سەرپێی بەکاردەهێنێت، لێرەدا با تیۆری (هیوف بادیلای) بخەینە بەرچاو کە دەڵێ: سیناریۆ لە فیلمی تۆماری ناشێ هەموو کاتێک وردبێت و تەفسیلی بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی دەرفەتێک بداتە دەرهێنەر و کامیرامان بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن ئازادبن لەتۆمارکردن و هەڵبژاردنی ئەو دیمەنانەی زیاتر خزمەت بەبابەتەکانیان دەکات.

بۆنمونە کاتێک (بار لورنتز) رووی کردە رووباری میسیسیپی بۆ ئەوەی فیلمێکی تۆماری سەبارەت بە رووبارەکە دروست بکات. دوای ئەوەی چاوی بەرووبارەکە کەوت و بینی رووبارێکی دڵتەزێنە و هیچ ژیانێکی ئاسودە نابەخشێتە ئەو کەسەی کەسەیری دەکات، یاخود دڵخۆشکەر نیە، یەکسەر سیناریۆکەی فڕێ دایە ناو ئاوی دەریا و دەستی کرد بەوێنەگرتنی فیلمەکەی بەشێوەیەکی رەمەکی، ئەویش نەک بەباسکردنی رووبارەکە، بەڵکو بەتیشک خستنە سەر ژیانی ئەو کەسانەی کەلەشوێنەکە ژیان بەسەردەبەن و چۆن لەگەڵ رووبارەکە مامەڵە دەکەن و بیرەوەریەکانیان لەگەڵ رووبارەکە، خۆشی و ناخۆشیان، هتد....

ئالێرەدا بەدیاردەکەوێت کە فیلمی دۆکۆمێنتی سیناریۆیەکی ورد و تەواوی نیە، لەبەر ئەوەی کاتێک مامەلە لەگەڵ واقیع دەکات چەندین شت ئاراستەیان دەگۆڕێت، کە پێشتر چاوەڕوان نەکرابوون، هەر بۆیە لەمیانی ئەنجامدانی فیلمەکە دەرهێنەر ناچار دەبێت واز لەزۆربەی هەرەزۆری سیناریۆکەی بهێنێت و جێبەجێی نەکات وبیکاتە پلانێک بۆ کارکردن.







## هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی کاری فیلمی دۆکۆمێنت:

**یەکەم: نووسینی بیرۆکە:**

هەڵبژاردن و نووسینی بیرۆکە بەیەکەم هەنگاو دەژمێردرێت لە دروستکردنی فیلمی دۆکۆمێنتی، لەبەرئەوەی پێویستە بیرۆکەکە دیاربێت کە باس لە چیدەکات چارەسەری چی دەکات، هەروەها باس لە چ کات و شوێنێک دەکات.

بۆ نموونە گەر بمانەوێت باس لەراپەرینی کورد بکەین دژ بەرژێمی بەعس، پێویستە کاتەکە دیاربکەین، هەروەها شوێنەکەش، سەرەڕای ئەم دووەش چ بیرۆکەیەک هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی گوزارشت لە رووداوەکە بکات، لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک ناتوانێ لەبابەتێکی دۆکۆمێنتی ماوە دیاریکراو، سەرجەم رووداوەکان بخاتەروو یان پیشان بدات، بۆیە زۆر گرنگە بیرۆکەکە تیشک بخاتە سەر لایەنێکی گرنگ و وروژێنەر.

لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە کەسایەتی هەبێت پێوەری رووداوەکان بێت و بەهۆی ئەم کەسایەتییە ئێمە بچینە نێو رووداوەکان.

**دووەم: لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە:**

ئەم کارەش بەپلەی دووەم دێ، لەبەر ئەوەی دوای هەڵبژاردنی بیرۆکە، دەرهێنەر پێویستە لەسەری لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی تەواوی هەبێت لەسەر ئەوبابەتەی کە هەڵی بژاردووە، لەرووی زانستی و لەرووی مێژوویی و هتد..

ئەم زانیارییانەش یاریدەدەری دەبن بۆ ئەوەی نەکەوێتە تەڵەی هەڵە یان بەکارهێنانی چەواشەکاری دواتریش پیشاندانی بابەتی نادروست کەلە ئەنجامدا شکست بە بەرهەمەکەش دێنێت و ئەو بایەخەی نابێت.

**سێیەم: نووسینی بابەتەکە:**

کاتێک بیرۆکە و لێکۆڵینەوە لەسەری بە ئەنجام دەگات، پێویست بەنووسینەوەی تەواوی پرۆژەکە دەکات، نووسینەوەش لق و پۆپی بابەتەکە بەیەکەوە گرێدەدات و بۆچوونی خاوەنەکەی زیاتر روونەدەکاتەوە، هەر بۆ خۆێشی بەدیار دەکەوێت کە باسەکەی بە چ ئاقارێکدا دەڕوات و باس لە چی دەکات.. رەنگە هەر یەک نووسینەوەش بەس نەبێت، بەڵکو چەندین نووسینەوە ئەنجام دەدرێت تا کارەکە دەگاتە ئاستی پیرفیکشن... ریالی نزیک دەبێت.

**چوارەم: چارەسەری هونەری:**

گرنگترین قۆناغی بەر لەئەنجامدانی کاری هونەرییە، بەتایبەتی کاتێک ئەنجامدەرەکەی بیەوێت بابەتەکەی جەماوەری بێت یان خاوەن ئاستێکی هونەری بێت و بتوانێت شوێنی خۆی لە نێو دیدگای بینەران بکاتەوە، ئەم کارەش مەرج نیە هەر لەلایەن خودی دەرهێنەرەوە ئەنجامبدرێت، بەڵکو کەسی پسپۆڕ هەن کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

هەموو بابەتێک بۆ خۆی جەستەیەکی هونەرییە، بەڵام شێوازی چارەسەری هونەری تا ئاستێکی زۆر کاریگەری بەسەردا دەکات و بەرەو لاوازی و بەهێزی دەیبات، هەر یەکەو بەپێی چۆنیەتی دارشتنی ئەم چارەسەرە هونەرییە.

بۆ نموونە کاتێک دەقێک پێشکەش دەکرێت سەبارەت بە شێوازی ژیانی ئافرەت لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەوا بابەتەکە بۆ خۆی سەنگی هەیە و چەندین لق و پۆپی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر بەبێ دارشتنی چارەسەرییەکی هونەری بمانەوێت پێشکەشی بکەین ئەوا گومان لەوە ناکرێت کەزۆر لاواز دەبێت (وێرای گرنگی بابەتەکە) تەنانەت لەوانەیە ئاکامی خراپیشی هەبێت.

چارەسەری هونەری بڕیار دەدات کە لە چ کونجێکەوە بابەتەکە دەستپێبکات و چۆن و بە چ شێوەیەک بابەتەکە بخرێتە بەردیدی بینەران! ئایا شێوازی دیمەنەکان چۆن بن؟ بەچ شێوەیەک گوزارشت لە چیرۆکەکە یان سەربوردەکە بکەن؟

**پێنجەم: پلانی کارکردن:**

ئەم قۆناغە تا ئاستێک بەکلاکەرەوەی بڕیاری دەرهێنەری بابەتەکەیە، کە چۆن و بە چ شێوەیەک پلانی خۆی دادەڕێژێت بۆ تۆمارکردنی دیمەنەکانی، لەچ شوێنێک و لەگەڵ کێ دەیپەیڤێت بۆ پیشاندانی بابەتەکەی، گرفت نیە گەر پێشتریش بڕیار بدات یەکێک هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بیکاتە پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکەی یان پێشتر ئەو شوێنانە دەستنیشان بکات کەوێنەیان دەگرێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە لەمیانی کارکردن چەندین گۆڕانکاری بەسەر پلانەکانی ئەنجام بدرێت..

لەوانەیە ئەو گۆڕانکاریە زیاتر لە خزمەتی بابەتەکە بێت، بە پێچەوانەی فیلمی فیکشن کە هەر گۆرانکاریەک لەو دیکۆباژەی پەسەندکراوە لەوانەیە ببێتە مایەی شێواندنی شێوەی گشتی بابەتەکە.

**ژێدەر:**


-هەنگاوە سەرەکیەکانی فیلمی دۆکۆمێنتی، نووسینی زەینەب سادیق.
-فیلمی توماری و بنەماکان، نووسینی دکتورە مونا سعید الحدیدی.
-ئیزنشتاین و هونەری وێنە، نووسینی براد ادم.
-وێنە دەپەیڤێت و قسەدەکات، نووسینی سویفت جوناسان.

# نواندن لەسینەمادا

ڕەفیق فوئاد

لەدەستپێکی کاری سینەماییدا کەڵکیان لەئەکتەری شانۆ وەردەگرت، بەڵام شانۆکارەکان بەچاوێکی سووکەوە لەسینەمایان دەڕوانی. نواندنی شانۆیی و جووڵەی زیادەڕەوانە لەسکرینی گەورەی سینەمادا زەقی و گاڵتەجاڕی پێوە دیاربوو، شانۆکارەکان لەفەرەنسا لە فیلمە هونەریەکان و لەئەمریکا لەفیلمەکانی ڕێکخراوی ئەکتەرانی بەناوبانگ دەوریان دەگێڕا. کەدەتوانین بۆ نموونە (سارا بێرنارد)، (ئێل ئۆ نۆرادوسە) و (بیربام) بەنموونە بهێنینەوە، کە ناوەکەیان بایەخی بەفیلمەکان دەدا. لەو کاتەدا لەزۆربەی فیلمەکاندا ئەکتەرەکانیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێشینەی شانۆیی، تەنها لەرووی جوانی و لاوییەوە هەڵدەبژارد، دەتوانین (گریفس) وەکو نموونەیەک لەو کەسانە ناو ببەین کە لەهەڵبژاردنی کچە گەنجەکان بۆ فیلمەکانی توانایەکی باشی هەبوو، کە مێری پیکفۆرد و ولیلیان گیشی هێنایە ناو جیهانی سینەماوە، پاشان بوونە دوو لەژنە ئەکتەرە گەورەکانی سینەمای ئەمریکا.

پەیوەندی نێوان شانۆ و سینەما لەئەوروپا باشتر بوو، هەرچەندە لەئەورووپادا پەیوەندی نێوان شانۆ و سینەما نزیکتر بوو، ئەکتەرەکان زۆربەی جاران لەڕێی شانۆوە سینەمایان هەڵدەبژارد، بە پێچەوانەی ئەمە رووی نەدەدا. (ئاستا نیلسێن) ئەکتەری لەسینەمادا گەیاندە ئەوپەڕی خۆیی، کەتەنیا (لیلیان گیشی) وەک ئەو دەهاتەوە، لەپیاوەکانیشدا (ئی میل یانینگین) لایەنگر و ناوبانگێکی باشی هەبوو.

هۆلیوود بە ئەکتەرەکانی ناوخۆ و بەڕاکێشانی ئەکتەرە ئەوروپیەکان بۆلای خۆی، ژمارەی ئەکتەرەکانی خۆی فراوان کرد، لەوانە: (گەتا گاربۆ، پۆلانیگری، چارلز لۆتۆن و لارنس هانسێن) بوون.

پێشکەوتنی هونەری و بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتن و داخوازی بینەران لەگۆڕانی شێوەی نواندن لە سینەمادا رۆڵی هەبوو، جوانکاری و ئاستبەرزی (کایەی جێنت گی نۆر) لە فیلمی (کازیوە 1927-) بەرهەمی ف. و. مۆرنا، تائەمڕۆش توانیویەتی نوێبوونی خۆی بپارێزێت. نواندنی (گاربۆ) ش راکێشانی خۆی لەسینەمای بێدەنگ تادەنگدار پاراستووە. هەروەها سەرهەڵدانی دەنگ لەسینەما ئەکتەرەکانی تووشی خەسار کرد، کە بڕێک لەئەکتەرە ئەورووپیە لەهجەدارەکان وەکوو (یانینگز) و (پولانگری) ناچاربوون بگەڕێنەوە بۆ وولاتی خۆیان. دەنگی ناخۆشی بەشکێکیان بەئامێری ناکارامەی دەنگهەڵگری ئەو سەردەمە کارکردنی لەسینەمای دەنگدار دژوار کرد بوو. نموونەی زۆر بەرچاویش نزم بوونەوەی ئاستی ئەکتەری هونەرمەندی ناودار (جان گیلبێرت) بوو. سینەمای دەنگدار زیادەڕەوی لەکایە و جەختکردن لەسەر جوڵەکانی نەدەهێشت، لەئاکامدا گونجاندنی رۆڵی زۆربەی ئەکتەرە شانۆییەکان لەگەڵ ئەکتەرەکانی سینەمای بێدەنگ دژوار بوو. سەرەڕای ئەمەش ژمارەیەک لەو ئەکتەرانەی کەبەشانۆوە دەست بەکاربوون بەهۆی هێز و کەسایەتی رەسەن و کاریزما بوونیان لەسینەمادا مانەوەو جیاوازییان هەبوو کەبریتی بوون لە: بتی دیویس، هامفری بۆگارت، کاری گرانت، کاترین هێپبێرن، ئیدوارد جی رابینسۆن، هێنری فاند کەهەموویان شارەزایی تەکنیکی و توانایەکی تاکە کەسیان هەبوو. بەلام گێڕانی رۆڵی کلێشەیی لەلایەن ئەکتەرەکانەوە







چوارچێوەی هونەری ئەوانی بەر تەسک دەکرد و دەبووە هۆی دووپات کردنەوەی رۆڵەکان. بەسەرهەڵدانی دەنگ لەسینەمادا کۆمێدیا لەسینەمادا تووشی گۆڕانێکی سەرەکی بوو. یەکەم: کامێرا فیلم هەڵگرە دەنگدارەکان نەدەجوڵان و ئەمە لەگەڵ جموجۆڵی پێویست بۆ فیلمی کۆمێدی نەدەگونجا، جگە لەوەش لەفیلمە دەنگدارە سەرەتاییەکاندا جۆرە زیادەڕەوییەک لەقسەکردن واتە دیالۆگەکاندا هەبوو. لەئاکامدا کۆمێدیای (slap stick) کەچاپلن و کیتۆن گەیاندبوویانە ئەوپەڕی، جێگای خۆی دا بەکۆمێدیای لەفزی و تەشەر لێدان. پەیوەندی نێوان سینەماو شانۆ و کەڵک وەرگرتنیان لەیەکتر لەئەکتەریدا جۆرێک شێوازی ناتۆرالیستی تاڕادەیەک هاوسەنگی پێک هێنا. ئەگەر چی لەدەیەی 30 و40 دا جۆرە تیپ گەلێک هاتبوونە سینەماوە بۆ نموونە پیاوەکان بەڕواڵەتێکی خاوێن و رەق و تەق بەرچاو دەکەوتن. لەسەرەتاکانی دەیەی پەنجاکاندا ئەم جۆرە تیپانە کۆتاییان پێهات. بەتایبەت لەو کاتەوە کەئیلیا کازان لەئەکتەری ستۆدیۆیی کەڵکی وەرگرت لەفیلمەکاندا. رۆڵی (مارلۆن براندۆ) و (جێمز دین) لەئەکتەرە ستۆدیۆییەکان وەرگیراوە کەبنەماکانی لەسەر راهێنانی ئەکتەری مامۆستای رووس (ستانسلافسکی) دامەزرا بوو لەڕواڵەت و چۆنێتی ئەکتەری پیاوان لەسینەمای ئەمریکادا تەئسیری دانا و بۆ رۆڵی ئەکتەر بایەخێکی زۆری دادەنا. لەدەرەوەی ئەمریکا و ئینگلیس دوای سەرهەڵدانی دەنگ، سنووری نێوان دەوری شانۆیی و سینەمایی کەم و زۆر جیانەکراوە مایەوە. بەتایبەت لەفەڕەنسا کەهونەرپیشە زیاتر وەک هونەرمەند ناوی لێدەنرا تاکو وەک کاڵایەکی بازرگانی. ژان رێنوار لەفیلمەکانی خۆیدا بەر لەشەڕ لەخولقاندنی رۆڵدا ئازادییەکی بێسابیقەیدا بەئەکتەرەکانی. لەسینەمای ئیتاڵی دوای شەڕ کەڵک وەرگرتن لەکەسانێک کەپیشەیی نەبوون بۆ خولقاندنی ئەو رۆڵانەی کەلەژیانی رۆژانەی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا لەتایبەتمەندییەکانی رەوتی نیوریالیزمی ئەو سەردەمە بوو. (ئەیزنشتاین) بە بەبونیادنەری ئەم میتۆدە ناوی دەبرێت. ئەو میتۆدە تائەمڕۆکەش لەلایەن ئەو فیلمسازانەوە کەفیلمی (نیوە بەڵگەیی) بەرهەم دێنن کەڵکی لێوەر دەگیرێت. (رۆبێر بێرسۆن) لەفەڕەنسا و (کان لۆج) لەبەریتانیا دوو کەس لەهۆگرانی ئەم شێوازەن. باشترین نموونەکانی ئەکتەری لەبەرهەمی ئەو فیلمسازانەدایە، بەڵام ئەگەر فیلمسازەکە خۆی ئەزموونێکی رۆڵگێڕانی بووبێت کەبریتین لەم کەسانە: (رێنوار) و (دوویدیەر) لەفەڕەنسا. (دێزیکا) و (فللینی) لەئیتاڵیا، (کارۆڵ رید) لەبەریتانیا، (گریفس) و (ئێشزۆهایم) لەئەمریکا، (پودفکین) و (بوندرا شۆک) لەرووسیا و (میزۆگۆچی) لەژاپۆن لەپەیمانگای سینەمایی مۆسکۆ، خوێندکارانی خولی دەرهێنان دەبێت، خولێکی ئەکتەریش ببینن. لەئەمریکا جان کاتاویتس بەفیلمێکی تاکە کەسی و تاڕادەیەک (ئەزموونی) وەک (نسێکان) 1960 (دەم و چاوەکان 1968) و (شووەکان 1970) شێوازێک لەبیداهەگەری لەنوواندنی سینەمایی بەکاردەهێنێت. شێوازێک کەبێجگە لەناو فیلمەکانی ئەوو چەند کەسێکی تردا کەڵکی لێ وەرنەگیراوە.

# حەوت مەرجە ئاڵتونیەکەی ئەرستۆتڵ دەربارەی گێڕانەوەی چیرۆک

ن: جەلال جانرۆیی
وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: رزگار کەریم سەعید

ئەم نوسینەی خوارەوە لەو تێبینیانە وەرگیراوە کە نوسەر بەکاری هێناون لە پەیوستی بۆ دەنوسی؟دا کاتێ سەرپەرشتی توێژینەوەکانی قوتابیانی دوا ساڵی خوێندنی فیلمی دەکرد بۆ بەڕێوەبەرێتی بەشی فیلم و تەلەفزیۆن لە (قوتابخانەی تیچ)ی هونەری لە زانکۆی نیویۆرکدا.

ئەرستۆتڵ کە لە ٣٢٢-٣٨٤ ی پ.ز دا ژیا، لە نوسینی سەدەمی «هۆنراوە یا هونەری هۆنراوە»دا کەهاتووە باسی حەوت مەرجی ئاڵتوونی بۆ سەرکەوتنی گێڕانەوەی چیرۆک دەکات. ئەو مەرجانە لەڕۆژی خۆیاندا بیروباوەڕێکی هاوبەستەبوون بە شانۆی کۆنی یۆنانی، بەڕاستی لە ئەمڕۆیشدا ئەو حەوت مەرجە زۆر گرنگن بۆ نوسینی سیناریۆی فیلمێکی سەرکەوتوو.

هەرکاتێک پرسیاری قوتابیانی دوا ساڵی زانکۆی نیویۆرکم بکردایە کە ئایا دەتوانن بیروباوەڕەکانی بنەمای گێڕانەوەیەکی چیرۆکی باش هەڵبهێنن، لەنێوانی خۆیاندا بەڕاستی وەڵامی شەش مەرجیان دەزانی، کە ئەرستۆتڵ بەلایەوە گرنگ بوون کە ئەمانەن:

١- ناوەرۆک — پلۆت
٢- کارەکتەر — کەسایەتیەکان
٣- «؟؟؟؟»
٤- گفتوگۆ (دیالۆژ)
٥- کۆرس (گۆرانی/ میوزیک/ سروود)
٦- دیکۆر (نەخشەکێشی بەرهەم/ دەرهێنەری هونەری)
٧- دیمەن (کاریگەریە تایبەتیەکان— کاریگەری فێڵەکان)

بەڵام زۆرکەمیان هەبوو کە بزانێ حەوتەم مەرج (واتە سێهەمی بنەماکان « ؟؟؟؟» چییە!

دەتوانی تۆ هەڵیبهێنی؟

ئەوەیە: «بیرە» یان «باسوخوازە» بۆچی خۆمان ماندوو بکەین؟ چیرۆکەکە باس لەچی دەکات؟

ئەرستۆتڵ «بیرۆکە»ی خستبووە یەکێک لە گرنگترین مەرج و بنەماکانی سێهەمی هەر حەوت مەرجەکانی بنەمای بیروباوەڕی گێڕانەوەی چیرۆکێکی سەرکەوتووەوە.

چەند فیلم لەم ڕۆژانەدا لەیاد ناچن، کە بیرۆکەکانیان پەیوەندی بە جیهانەکەمانەوە هەیە، بە ژیانمان، کێشەکانمان، دزێوی شەو،خەونەکانمان، هیواکانمان، خۆشەویستی، خۆشحاڵی و ئازاروژانمانەوە هەیە.

ئەرستۆتڵ دیمەن (کاریگەریە تایبەتیەکان— کاریگەری فێڵەکان) ی خستۆتە ژمارە حەوتەوە، کە کۆتایی مەرجەکانیەتی، بەوە هەڵیدەسەنگێنێت کە کەمترین گرنگی هەبێت بۆ گێڕانەوەیەکی سەرکەوتووی چیرۆکێک. تەنانەت لەکاتی یۆنانی کۆنیشدا، ئەرستۆتڵ ئەوەی گەیاندووە کە دیمەن و کاریگەریە تایبەتیەکانی وەک ئەکشن،ئاگر پاڵەوانە سەرنج ڕاکێشەکانی بەدیل. هتد تەنانەت لەکەمترین گرنگیەکان نیە بەڵکو زۆرگران و لەوانەی ڕوودانی مەترسیشیان هەیە!

لەوە دەچێت ئێستا کە زۆربەی فیلمەکانی هۆلیوود بەرەو دوواوە بگەڕێنەوە، لەوانەیە لەوبەشانەی کە پەیوەندیان بە هێنانەکایەوەی « بێ— مەترسیەوە» هەبێت بەڵام بەمەزنی دیارە کە کۆمپیوتەری دیجیتاڵ و کاریگەری تەکنۆلۆژی بەکار دەبەن بۆ ئەم کارە وەک:

١- ئەکتەری ناودار.
٢- ئیفێکتی تایبەت/ کاریگەریە کۆمپیوتەریەکانSFX.
٣- نەخشەکێشی بەرهەمهێنان/ دەرهێنەری هونەری.
٤- میوزیک.
٥- دیالۆژ.
٦- بیری سۆزی و فانتازیا بەکاردێنن بۆ راکێشان و کاریگەری خێرا بۆ منداڵان.
٧- قسەکردن و گفتوگۆ.
٨- کاراکتەرو ناوەرۆک—پلۆت.

بەغەمناکی دەڵێم، کە زۆربەی، پاڵەوانە مەزنەکان و باڵاکانی فیلمەکانی هۆلیوود لەوەدەچێت کە بەتاڵ بن لە هەر ئایدیایەکی بەزۆرەملێی پەیوەندیدار کە بەسەریانا دەسەپێنرێت.

گەر حەز دەکەیت کە هونەری هۆنراوەی ئەرستۆتڵ بخوێنیتەوە، ئاگاداربە لەوەی کە بەشێوەیەکی ئاڵۆز و ڕێچکەیەکی فەلسەفی وەها نوسراوەتەوە کە چەند جارێکی بە تەحەمولی دەوێت لە خوێندنەوەیدا تا بتوانیت کە دەست بەسەر حەوت مەرجە ئاڵتونیەکەی گێڕانەوەی چیرۆکدا بگریت. خوێندنەوەی هونەری هۆنراوە رەنگە ئەو گوتەیەت بیر بخاتەوە کە دەڵێت: «پێموایە کە هەمووی گریکیە!» پێشبینی ئەوە مەکە لەخوێندەوەیدا «چۆن بتوانیت—ڕێگایەکی دەبەنگی چۆن چیرۆکێکی چاک دەگێڕیتە وە» بەدەست بکەوێت.




بۆ؟ بیرەکە چیە؟

«هیچ شتێک لە ژێر خۆردا نوێ نیە.» هەر وەک ئەو پەندە لاتینیە دەڵێت. لەوانەیە ئەمە ڕاست بێت. تەنها چەند ژمارەیەک لە میتۆلۆژی و ڕێچکەی هەندێک چیرۆک دوبارەو سێبارە گوتراونەتەوە. هێشتا هەرئەو «چیرۆکە سادەیە» دەتوانرێت بگوترێتەوە جارێکی تر بە هۆی وەرچەرخانێکی نوێوە یان تازەوە، کە ئۆریجیناڵ بێت. بۆنمونە لەیلاو مەجنون، کە لە سەدەی٧ دا هاتووە، کە تراژیدیایەکی خۆشەویستی عەرەبیە لە بنچینەدا هەمان هۆنراوە کۆنە ئێرانیەکەی شیرین و فەرهادە و تەنانەت هەر هەمان چیرۆکەکەی ڕۆمیۆ و جۆلێتی شەکسپیرە کەلەدوایدا لە سەدەی ١٦ هەمدا نوسراوەتەوە.

بەمبۆنەیەوە، نیزامی کەلە (١١٤١— ١٢٠٩) ژیاوە کە مەزنترین شاعیری ڕۆمانسی فارس بووە گلەیی دەکات و دەڵێت « چۆن بتوانم چیرۆکێکی خۆشەویستی وەربگێڕم کەلە بیابانی وشکوبڕینگی عەرەبیدا ڕویداوە؟ « کاتێک کە پادشا سەروەرەکەی دیاری زۆری پێشکەش بکات، لەسەر ئەوە ڕازی بوو کە لەیلاو مەجنون ڕێک بخاتەوە بەمەرجێک کە لە سەر شاخە ڕەنگاوڕەنگ و ئەفسوناویەکەی کوردستانی ئێران ڕووبدات—دەزانین کە دایکی نیزامی کورد بوو— لەبەر ئەوە گەڕانەوەی چیرۆکە تراژیدیاکە ڕەنگینترو شاعیرانەتر دەبێت.

پرسیار: ئایا چیرۆکەکە شایانی گوتنە یان گوتنەوەیە؟ ئایا نوسراوە یان (جارێکی تر دەنوسرێتەوە) لە بەرگێکی نوێ، ئۆریجناڵ و پڕماناو، ڕۆشنای، هەروەها ڕێچکەیەکی هاوبەستە؟ یان، بەکەمی، ئایا چیرۆکەکە داوادەکات کە لەبیر نەچێتەوەو خۆشگوزەرا نی بدات بەخەڵکی؟ گەر وەها نەبێت، بۆچی خۆت ماندوو دەکەیت، وازیش لەهەمووان بهێنە!

چۆن ؟

ناوەرۆک،کاراکتەر، وێنەکان/ جوڵانەوەکان (لە فیلمدا!) بەکاردەبەین.

« دلنیابە،کە چیرۆک دەبێت سەرەتاو ناوەند و هەروەها کۆتایی هەبێت، بەڵام پێویست ناکات یەک لەدوای یەکە بن» ژان لۆک گۆدارد داهێنەرو نوسەرو دەرهێنەری فەرەنسی، کە یەکێکە لە دەسنیشانکەرانی نۆڤێلی ئاڵۆزی فەرەنس-لە١٩٥٨ بۆ ١٩٦٤د.

ئەرستۆتڵ « ناوەرۆکی» خستۆتە ژمارە (یەک) لەسەرو کاراکتەرەوە. لە پڕاکتیکدا،نوسەرە خاوەن ئەزمونەکان لەگەڵ ئەوەدا یەک دەگرنەوە کە ناوەرۆک و کاراکتەر،دەوترێت کە دوو دیوی یەک سکەبن.

هەندێک جار چیرۆک و بیری ناوەرۆک لەپێشدا دێنە مێشکی نوسەرەوە، پاشان نوسەر خەیاڵی خۆی دەخاتە کار تاکو کاراکتەرەکان هەڵبژێرێت و پێیان بگەیەنێت تا ناوەرۆک و بیر بخاتەگەڕ.

هەندێک باریتر خەیاڵی نوسەر کاراکتەر چالاک دەکات تا بیرو ناوەرۆک بهەژێنێت. هەندێ کەس بەمە دەڵێن سکرپتی کاراکتەر بیرو ناوەرۆک دەجوڵێنێت. لەڕاستیدا هەر بیرو ناوەرۆکێکی باش پێویستی بەوە هەیە کە کاراکتەرێکی دانسقە و نائاسایی ڕایبکێشێت و بیجوڵێنێت. بەڵام لە هۆلیوودا، کاراکتەر سکرپتەکەی ڕادەکێشێت کە زۆرجار بەرهەمهێنەرێکی ئەلمۆدەی هاوتەریب دەیەوێت کە بانگهێشتی ئەوە بکات کەپاڵەوانی ئەکتەر بیرو ناوەرۆک ڕابکێشێت بەدوای خۆیدا.

هەندێک لە سیناریۆکان لە ڕۆمانەوە ئامادە دەکرێن، یان لە کورتەچیرۆکەوە یان تەنانەت لە هۆنراوەیەکەوە. سیناریست پێویستە کە بیری ناوەرۆک وا بینا بکات کە ئاگایی بخاتە سەر هەندێک لە




خەتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە و ناوەرۆکە لابەلاییەکان پاشـــان جۆرێک لە کاراکتەرەکان هەڵبژێرێت بۆ ڕۆڵی سەرەکی ورۆڵی پشتگیری بۆ دابنێت، لەوانەیـــە کە کاراکتەرێکی نـــوێ بخاتە نـــاو گێڕانەوەکەیەوە تا لەگەڵ ســـینەمادا بگونجێت و کاریگەری هەبێت. ئەو کەســـە نوســـەرە نێر بێ یان مێینە لەوانەیە سەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی جیاواز لە ئەسڵیەکەی دەسپێبکات کەلەو نەچێت. لە سیناریۆیی گڵگامشدا، کەلە داستانێکی سۆمەری بەر لە ٥٠ ســـاڵ، ئامادەم کردووە، من کاراکتەری سەرەکیم بۆ زیاد کردووە، کە بەزیاد یان کەم، چیرۆکەکە دەسپێکردنی و کۆتایی هاتنی جیاوازە لە هۆنراوە ئەســـڵیەکە کاتێک ئاواتەخوازم کە گیانی گێڕانەوەکە لە هۆنراوە ئەسڵیەکەوە نزیک بێت.

لەهەندێک لە زمانەکاندا وشەی «پلۆت» بیری سەرەکی بە « کنۆت» وەردەگێڕرێـــت کە بەمانای فرۆفێڵی چیرۆک یان ســـیناریۆ یان چۆنێتی ئاشـــکراکردنیان دێت، یان چۆن کە پێکەوە نەلکاون- لەفەرەنســـیدا بە لێدینومینـــت ناو دەبرێـــت. پلۆت لە ئینگلیزیـــدا زۆر مانای هەیە وەک نەخشەکێشان، نیزام ڕێکخســـتن، پلاندانان، هێڵی چیرۆک، چوار چێوە و ستراتیژی...

پلـــۆت هەروەها یانی «پارچەیەک لە خـــاک» . کە ئەمە گێڕانەوەی وێنەیەکە. ئەندازیارێک کە نەخشەی بینایەک دەکێشێ لەسەر پارچەیەک خاکـــی دەسنیشـــانکراو دەیکات، کە ئەومادانەی کە لەبەر دەســـتدایەو هەروەها لەوانەیە بەســـتایلێک کاربکات کە لەهەمان وێنەی دەوروبەری بینایەکە بچێت. بەهەمان جۆر سیناریســـت پێویســـتی سەرشانێتی کە چیرۆکەکەی بەوێنەو دیالۆگەوە بگێڕێتەوە بە ستایڵ و جۆرێکی تایبەتی کە پڕ بە پێســـتی چیرۆکەکە بێت (یان بەدەستی ئەنقەست ستایلێکی تێکـــەڵ هەڵبژێرێت) کەوا پێویســـتە کە لە مابەینـــی٩٠ تا١٢٠ خولەکدا بێـــت و لەوە زیاتر تێنەپەڕێت، مەگەر ناوی کۆپۆلا بێت تا لەوە لابدات! (ئەم کات دەستنیشانکردنە لەتاقیکردنەوەی ئەوەوە هاتوە کە کەسێکی ئاســـایی تا چەندێـــک دەتوانێت لە تاریکیدا دابنیشـــێت بێ ئەوەی کە ڕابکاتە دەرەوە تا وەڵامی بانگکردنی سروشت بداتەوە. یانی لەوە زیاتر تەحمولی نەمێنێت.)

کاتێک کە سیناریۆیەکی ئاسایی بەفۆرمی هۆلیوودی دەنوسرێت، یەک پـــەڕە دەکاتە یەک خولەکی کاتی فیلمەکە. کەواتە ئەگەر دوو کاتژمێری سینەمایی فیلمێک بەوە دەستنیشـــان دەکرێت کە پێویستی سەرشانی نوسەرەکە ئەوەیە کەلە نەخشەکێشانی زۆربەی شتە سەرنج ڕاکێشەکان/ بینای چاوەڕوانی چۆنێتی گوتنی چیرۆکەکەیدا دەبێ ئیکۆنۆمی بێت کە چیرۆکەکەی بە٩٠ تا١٢٠ پەڕە کۆتای پێبهێنێت لەنوســـینیدا— کە چۆن



دەســـت پێدەکات، یا پێگەیاندن و گەشـــەی ئەو چیرۆکانەی کە فێڵیان تێدایەو شار دراونەتەوە چۆن ئاشکرا دەکات لەگەڵ کارکتەرەکانیدا— تا بتوانێت کە بینەر ڕابکێشـــێت بۆ خۆی لە ســـەرەتاوە تـــا کۆتایی. بە کۆنترۆڵکردنی وشەکانی»پلۆت» ناوەرۆک یان» بیناکردن».

بەهەر جۆرێک کە کاراکتەر یان پلۆت ناوەرۆک هەرکامیان یەکەم بێن، نوسەر پێویســـتە کە بینای ناوەرۆک و کاراکتەر وەها دروست بکات کە ژیان بەخش بن، بەگشتی باوەر پێکراو بن. چونکە هێڵی نێوان کاراکتەرو ناوەرۆک لێڵ دەبێت و بەڕوونی نابینرێت. گرنگیەکی کەمی دەبێت کاتێک «پلۆت» ناوەرۆک یان «کاراکتـــە» کامیان یەکەم ڕەگەزی بەرزوپایان بن.

زیاتر پڕمانا دەبێت گەر بپرسین:

ئایا ئەو چیرۆکەی کە ئاشکرا کرا تێکەڵ بوو، بە جۆرێکی (سینەمایی!) کاریگـــەر، ڕێگایەکی چالاکی وەها کە دژی بێتاقەتیکردن، هێڵدانان، یان زیانبەخش و مۆدیلێکی ئاشکرای خۆدەرخستن بوو؟

ئایـــا وا جوان ڕێکخرا، لە پـــەڕەی یەکەمەوە، یان هەر هیچ نەبێت لە پەرەی ٥ تا١٥ و بەدواوە تا کۆتایی؟

«وێنەیـــەک لە هەزار وشـــە گرنگتـــرە» کە عادەتـــەن بێدەنگە— لە وێنەی بێدەنگیەوە— کە زۆر بەهێزترە لە هەر وشەیەک. ئایا سیناریۆکە بەشـــێوەیەکی وێنەیـــی کاریگەرە؟ ئایا درامایەکی ســـەرنج ڕاکێش وپڕ کێشمەکێشە ؟ ئایا پڕ دڵەڕاوکێیە، بۆشایی پێو یست بەجێدێڵێت، ئایا چاوڕوانکراوە، یان تەعبیر لە هێڵی دژ دەکات، چاوەڕوان نەکراوە پرسیار بەجیدێڵێت بۆ بینەران بەچاوخۆشەو بینەر بەشداری پێدەکات و دەیەوێت خاڵەکان پێکەوە ببەستێت.

کێ و چی؟

بازنەی کاراکتـــەرەکان و بیروباوەڕ دەربڕینی کێ؟

لەناو ژانری چیرۆکەکەدا:

A. ئایا کلیلـــی کاراکتەرەکان بەجوانی نەخشـــیان کێشراوە، کـــە پێبگـــەن و باوەڕپێکراووبن هەریەکەیان وەک تاکێک پڕبەپێســـتی کاراکتەرەکەیانن، لە هەڵسوکەوتەکانیان و حەزەکانیان و رقەکانیاندا، کە لەگەڵ تایبەتمەندیەکانیان دەگونجێت وەک ڕەگەزیان، دەنگی تایبەتی/ یان لە دیالۆژەکانیاندا هەیە بۆ هەریەک لەو کاراکتەرانە.

B. ئایا هەڵســـوکەوتی کارکتەرەکان ســـەر بەرەگـــەزی بنچینەیی و باکگراونـــدی ڕەگەزەکانیانە؟ لەفیلمـــی « the Kit Runner »دا، هەموو کەســـێک ئاشـــنایە بە جۆری کەڵچەری ئەفغانـــی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکســـەر ئەوە دەبینێت کە لاوە سەرەکیەکە هەڵسوکەوتی دەربارەی باوکی کاتێک توشـــی جەڵتـــەی دڵ دەبێت (ئەکتەرێکی زۆر بەتوانایە) بەڵام لەمابەینی زاوا گەنجەکەو بوکە تازەکەیدا هەڵسوکەوتیان لـــەوە ناچێت کە تێکەڵیەکەیان بەگوێرەی پێویســـت دراماتیکی بێت لە بەرجەستەکردنیاندا)

C. ئایا کلیلی کاراکتەرەکان لەگۆڕان/ پێگەیشتندا دەبن لە چیرۆکەکەدا؟ مەبەســـت لە کەوانەی کلیلی کاراکتەرەکانە. کە بەپێچەوانەی ڕۆمانەوە، دوو کاتژمێری ســـیناریۆیەک ڕێگا نـــادات بە کاراکتەرە لابەلاییەکان یان هەڵگیـــراوەکان کە کەوانەی خۆیان هەبێت! (حەزم دەکرد بمزانیایە کە کەوانـــە حیزەکەی کاراکتەرەکەم چیە؟» ئەمە دیالۆژێکی عەبەســـیە لە زنجیرەی سۆپرانۆدا)



بیروبـــاوەر دەربـــارەی کـــێ؟ هاملێـــت، وەک گیلگامش، یەک بیروباوەڕی ناســـراو لە کاراکتەرەکانیانـــدا هەیە، کە تایبەتە بە هاملێتەوە یان گیلگامشـــەوە. دەیڤید و لەیلا هەروەک ڕۆمیـــۆ و جۆلێت دوو بیروباوەڕیـــان هەڵگرتووە کە هـــی هەردوو دەیڤید و لەیلایە. شـــایی شـــنەی شەماڵ (مۆنسوون)ەکە چەند بیروباوەڕێکی هەڵگرتبوو کە خۆیان دەدا لە (شـــەش) لـــە چیرۆکـــە لابەلاییەکانـــەوە کە هـــەر هەموویـــان پێکـــەوە گرێبەست بوون بە شێوەیەکی جـــوان و بنیاتنەر کـــە بە خۆ ئامادەکردنێکی ڕەنگین بۆ شاییەکە ڕۆیشت و بە شـــاییەکی شنەی شەماڵی سەرکەوتوانە کۆتاییان هات.

ئایا بینـــەران بـــەردەوام هەســـتیان هەیە بۆ چارەنوسی پاڵەوان یان کاراکتەری پشتگیری و ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازن؟

لە دراmادا، ئایا نوســـەر بە شـــێوەیەکی کۆنتراســـتی، ئەوە وەردەگێڕێـــت کـــە وا لە بینەران بـــکات کە ڕقیان لـــە کاراکتەری شەرخوازبێت و ئاواتی ئەوەی بۆ بخوازن کە بڕوخێت.

کێ و چۆن؟

ئەکشن و دیالۆژ

«ئەکشـــن لە وشـــە بەرزتر دەدوێت» ئایا کاراکتەرەکان بەڕێگایەکی ســـینەماتیکی جوان نیشـــاندران: ئەمە زیاتر بەهۆی هەڵســـوکەوت و ئەکشـــنەوە نیشاندەدرێت زیاتر لە دیالۆژ گوتن؟ لە سینەمای کلاسیکی بێدەنگدا، وەک با (١٩٢٨) کە لیلیان گیشـــی بەهرەمەند ڕۆڵی دەبینی، توانـــی چیرۆکێکی بەســـۆزو باوەرپێکراو بگێڕێتەوە بـــێ دیالۆژ، تەنها هەندێک تایتڵی کارتی بەکاربهێنێت تێدا.

ئایا کاراکتەری سەرەکی ئەو موبادەرەیە دەکات کە لەگەڵ ئەکشنەکەدا بەیەکدا بێت کە (هەرگیـــز وەرناگەڕێتەوە!) بەپێچەوانەوە زیاتر لەوەی کە بـــە خراپی بمێنێتەوەو تەنهـــا بەرپەرچیەک بنوێنێـــت بەرامبەری. ئەو کاراکتەرە چالاکانەی کە خۆیـــان دەخەنە گێژاوەوە کەدەبێتە هۆی ئیغراکردنی ڕووداوەکە و خاڵی لوتکە و ترۆپک و کێشەکان دەتەقێننەوە.. ئەوانە لوتکە (پلۆت) دەهەژێنن و چیرۆکەکە بەرەو پێشەوە دەبەن.

ئایا دیالۆژ کورتەیەکی بەجێیە، ڕاســـتەوخۆ نیەو ڕەســـەنەو هەروەها ئاڵۆزاویەو قورسە دیاری بکەیت (لێناکۆڵرێتەوە بەمانایەکیتر) چاکترین دیالۆژ لەناوجەرگەی هەڵسوکەوتی کاراکتەرەکە دەدەن لەگەڵ ئەکشندا. کاراکتەری ڕاســـتەقینە هەندێجار درۆ دەکات، بەتایبەتی کەلەژێر بارێکی پاڵەپەستۆییدا بێت. مەزنترین دیالۆژ درۆی پەنهانی تێکستە لابەلاییەکانی شاردۆتەوە و ئەجێندایی شـــاراوەی لەخۆی گرتووە کە هەردەم لەلایەن کاراکتەرەوە نیشانە و خیانەتی تێدایە دەربارەی هەڵسوکەوتی کاراکتەرو زمانی لەش بەکارهێنانی کاراکتەرەوە.

ئایـــا هەموو دیالۆژێک چ پەنهان یـــا ئیکۆنۆمی بێت چیرۆکەکە بەرەو پێشەوە دەبات و کاراکتەر پێدەگەیەنێت و روکاری هەڵدەداتەوە.

سیناریســـت پێویستە نیشـــانمان بدات نەک پێمان بڵێت، هەروەها پێویســـتە بەهیچ جۆرێـــک پێکەوە نیشـــانت نـــەدات و بشڵێت لەیەک کاتدا!

بڕواننـــە ئـــەم دیالۆژەی لـــە فیلمی لەجێگایەکـــی تەنهایدا ســـاڵی (١٩٥٠) دەرکراوە، لەنێوانی کیژێکـــی خوشـــکیلەو هەمفـــری بۆگارتـــدا نوسەرو کاراکتەردا ڕوودەدات:

کیژ: بەڵام وامزانی کە ئەکتەرەکان دیالۆژەکانی خۆیان دەنووسنەوە؟

نووســـەر (بۆگارت): نـــا! تەنها کاتێـــک دەبنە ئەســـتێرەی ناودار وادەکەن!

وەک دەردەکەوێـــت ئەســـتێرەکانی هۆلیوود وەک تـــۆم هانکس پێ لەوەدادەگرێت کە دیالۆژەکانی خۆی جارێکی دی بنوسێتەوە تا وەهایان لێبکات کـــە زیاتر نۆبڵ دیاربن، وەک پاڵەوانێتی تێدابێت، بەســـۆزەوە خەڵکی تێی بڕوانن، شـــیرین و ناسک بن. ئائەمەشە کە ڕونی دەکاتەوە کە ڕۆڵەکانی وەک خواردنەوەیەکی خەســـت بن وەک ڕۆڵەکانی لەفیلمی نامەت بۆهاتووەو کاســـتەکەت ڕۆیدا کە یەکەم دەســـتەی کۆمەرشـــەل بـــوو بۆ ئـــەی . ئۆ. ئێڵ و هەروەها دووەمیان بـــۆ فیدێکس کرا. (ئەم هاوبەشـــیکردنە بەهێزەی یاریدەدان بوو بـــۆ ئەو فیلمانەی کە لەدوایدا ئاشکرایان کردوو نیشانیان دان).

چـــۆن؟ بیناکردن: ڕووداوەکانو ململانێ و خاڵەکانی ناوەرۆک و ڕیتم، و جۆر/ ی ژانرە و کێبڕکێ و هەڵگەڕانەوە و کارەســـاتەکان ڕادەکێشێت بۆ خۆی...

ئایـــا هەمـــوو کاراکتـــەرەکان لە چیرۆکەکەدا بەڕاســـتی پێویســـتن تـــا چیرۆکەکەمان بۆ بگێڕنـــەوە؟ ئایا ئەو نێرینە/ یـــا مێینە بێت یان (گیانەوەربێت) بەچاکی و ڕێکوپێکی بەکارهێنراوە تا سوود بە چیرۆکەکە بگەیەنێت.

ئایا ســـیناریۆیەکی پتـــەو و مەحکەم و پاڵپشـــتگیراوە. ئایا هەموو دیمەنێک پێویســـتە تـــا چیرۆکەکە بگێڕنەوە؟ ئایـــا هەموو دیمەنێک و ئەکشـــنێک پاڵپشتی چیرۆکەکە دەگرن و یان پێگەیشتنی کاراکتەرەکان نیشان دەدەن بۆمان؟ ئایا هەموو دیمەنێک کە دەکرێنەوە. دەستپێدەکەن بەبەشێکی کراوە لەناویدا دەکرێنەوە جارێکیتر کە بینەران هەست بکەن شتەکانی دووایی هەڵبهێنن یان خەیاڵییان لای ئەوە بێت کە بەڕاستی تا ئێستا چی ڕوویان داوە؟

نوسەرێک پێویستە کە بەدڵڕەقانە ئەوکەسایەتیە زیادەو دیمەنە خۆشەویســـتانەی کە جێگەیەکیان لەدڵیدا هەیە و بەڵام پێویست نین لابەرێت لەگەڵ ئەو کاراکتەرە جوان کیلانەدا کە پێویست نین!

لەناو ژانرەکەیـــدا، ئایا چیرۆکەکە باوەڕی پێدەکرێت، بەجوانی و سەرسامی و هەموو ئۆرگانەکانـــی دەمانهەژێنـــن؟ چیرۆکە مەبدەئیەکـــە و ژانـــرەو چاکیەکانی پتـــەون کـــە بریتین لـــە دراماو کۆمێـــدی و ڤـــارس و ســـاتیر و کارتێکەرو گەڕان بەدوای ئەکشن و زانســـتی خەیاڵی، داستان یان ژانەریکی تێکەڵە لە دراما و ساتیر







وەک هەندێک لـــە فیلمەکانی ئۆڵتمان و ئەڵمۆدۆڤار و یان دەیڤید و لەیلادا.

تێبینی پەراوێزەکە بکەن بۆ « تەعلیقی باوەڕنەکردن» (کە نوسینێکی ترمە کە بەم زوانە دەینێرم بۆ بڵاوکردنەوە) کە زیاتر بەربڵاوترە دەربارەی باسی کۆمیدیا و ساتیر وەک لە دراما. ئەوەی کە ڕەنگە باوەڕی پێناکرێت لـــە درامادا نەک تەنها چـــاک نیە بەڵام داوایەکەو حـــەزی لێدەکرێت و پێویستیەکە، لە کۆمیدیاو ساتیرو ڤارسدا (زۆر سەمەرەیە کە چۆن تەنها هەندێک ڕەخنەگری فیلم بەراوردی ســـێو دەکەن بە پرتەقاڵ کاتێک کە بێچـــاوەڕوو ڕەخنەی ژانرەیەکی تێکەڵی ڕۆمانتیکی کۆمیدی درامی وەک دەیڤیدو لەیلا یان ژنهێنانی مۆنسۆن وەک درامایەکی تاکی پاکی درامای جیدی لەقەڵەم دەدەن).

ئایا بینەران ســـۆزیان لەگەڵیدا دەجولێت، دەیناسنەوەو ئاگایان لێی دەبێـــت، یان بەلایەنی کەمەوە پێی سەرســـام دەبـــن، تێکەڵی دەبن و گرێیەستی دەبن و خۆشحاڵیان پێدەدات لە بەهای بیروباوەری کاراکتەر و چیرۆکەکانیدا تێکەڵ دەبن.

پێداگرتن: کۆتایی!

« گرنگترین شـــتێکی بنچینەیی بۆ نوسەرێکی باش ئەوەیە کە بینای نازناو و ئیســـپاتی سەرســـامی و ئامێری دۆزینەوەی ڕۆشنایی هەبێت. ئەمانە ڕاداری نوسەرەکەن.» ئێرنیست هەمەنگوای.

هەمەنگوای گووتی کە ئەو ســـی و هەشت بار کۆتایی «زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن»ی نوسیەوە تا بەئاکامی ناوەرۆکەکەی گەیشت.

لەنـــاو ژانرەکەیـــدا، ئایـــا کاراکتـــەرو چیرۆکەکانیـــان باوەڕیـــان پێدەهێنرێت؟

ئایا کۆتاییەکەی دەچێتە عەقڵەوە؟

ئایا بەکۆتاییەکەی ڕازین؟

گرنـــگ نیـــە کە کۆتاییەکەی شـــادی، غەمگین، بیـــر — هەژێن، یان کۆتاییەکی کراوە، یان شاراوە یان تراژیدی بێت، یان لەوانەیە کاسارسزی تێدابێت وەک تراژیدیایی گریکی.

زۆربە باوەریان وابوو کە « وڵاتێک نیە بۆ پیاوانی پیر» مەزنترین فیلمســـازی تێدا کرابوو کە نواندنێکی ســـوپەری سەرســـامی تێدابوو. بـــەڵام کۆتاییەکـــەی لەلایەن زۆربەی بینەرانـــە وە « لێی نـــاڕازی» بـــوون. لەوانەیە بۆ خاتری هەندێـــک ڕەخنەگـــری فیلم و نوخبە دروســـتکرا بێت کە بۆ ڕۆمان یان ڕوخســـارێکی بەرزی کۆتایی « فیستیڤاڵی فیلم» دەگەڕێن دروست کرابێت.

لەکۆتاییدا، بینەران چاوەڕێ و شـــایانی کۆتاییەکی ڕازی و باوەڕپێکراوون!

هیوادارم کە هەرسێ بنەماو باوەرەکانی تری وەک:- موزیک، دیکۆر/ نەخشەکێشی بەرهەمهێنان و هەروەها بینەر/ کاریگەریە تایبەتیەکانیش تەواو بکەم لە پاشە ڕۆژدا.

**بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەتوانن بڕواننە ئەم نوسینانەی خوارەوەش:**

Further reading: 1. Playwriting (1961) by Ber-،nard Grebanier
Art of Dramatic Writing (1972) by Lajos Egri، .2
3. Screenwriting 101 (1999) by Neil D. Hicks، 4. Story (1997) by Robert Mckee، and dozens of 'How To' formulae Hollywood books by authors such as Syd Field most of whom have not yet written a compelling screenplay. (The most widely translated are Syd Field books- translated even in the (!'Middle East under 'Saeed Feld' or 'Said Feld

فیلمـــی دەیڤیدولەیلا لە نیویـــۆرک لە کاتی ڤالانتایندا نیشـــاندرا لە ٢٠٠٨/٠٢/١٥، لـــە شـــیکاغۆ لە ٢٠٠٨/٠٢/٢٢ دا و لە سانفرانسیســـکۆ لـــە ٢٠٠٨/٠٣/٧ دا کەلەلایـــەن شـــیڤاڕۆز و ژان جوانرۆییـــەوە وەڵامی پرسیارەکانی بینەران درایەوە .شایانی باسیشە کەلە فێستیڤاڵی مۆنامۆڕدا خەڵاتی بینەرانی پێبەخشرا.

**بۆ فیلمی دەیڤیدولەیلا بڕواننە ئەم ماڵپەرەی خوارەوە:**

Info at movie site: http://www.davidandlayla./com

# ماکیاژ لە سینەمادا

فریبا رەعنایی

گریم (ماکیاژ) بوارێکی زۆر بەربڵاوە و لەزۆربەی وڵاتان لەهونەری بەرهەمهێنانی فیلم رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. بەڵام بەداخەوە لەکوردستان ئەم بوارە نەناسراوە و زۆربەی کەسەکان پێیانوایە گریم هەمان ئارایشتکردنی دەموچاوە، لەکاتێکدا کەئارایشتکردن تەنیا بەمەبەستی جوانکاری دەموچاو بەکاردەهێنرێت، لەماکیاژی سینەما ماکیاژکار بەکاری ماکیاژ و بەهێزێکی تەکنیکی تایبەت لەسەر روخساری ئەکتەر کەسایەتیەکی دیکە دروست دەکات تابتوانێت دەور و رۆڵی ئەکتەرەکە زیاتر دەربخات. کاری ئەو ئارایشتکردن یان جوانکردنی روخسار نییە، بەڵکو بەتەکنیک و توانایی تایبەت بەهونەری ماکیاژ، روخساری ژنێکی ٤٠ ساڵە دەکەنە کچێکی گەنج و روخساری کوڕێکی گەنج دەکەنە پیرەمێردێک.

ئارایشتکردنی روخساریش کەخۆی بوارێکی تایبەتە بەمەبەستی جوانکردنی روخسار، بەڵام ماکیاژی سینەما بەمەبەستی ئارایشتی دروستی روخسارە کەکەسێتی ئەکتەرەکە دەردەخات لەو فیلمەدا، ئەمە لەگەڵ ئارایشتکردن زۆر جیاوازە.

ماکیاژ دوو جۆرە، ماکیاژی سەر شانۆ وەک (ماکیاژی شانۆ، ئۆپێرا، باله) ماکیاژی پەخش یان بڵاوکردنەوە وەک ماکیاژی (سینەما، تەلەفیزیۆن، ڤیدیۆ و وێنەگرتن) کەهەر کامەیان تەکنیک و توانایی تایبەت بەخۆی دەوێت. بۆ نمونە ماکیاژی شانۆ بەبەراورد لەگەڵ ماکیاژی سینەما و تەلەفیزیۆن تۆخترە و لەبەرامبەردا ماکیاژی سینەما پێویستی بەوردەکاری و سەرنجی زیاتر هەیە.

بنەما و تەکنیکی تایبەت بەماکیاژی سینەما ئەمانە لەخۆدەگرێت: ئاناتۆمی (لەشکۆڵین) روخسار، تاریک و روون، ناسینی روخسار، دەروونناسی روخسار، ناسینی رەنگەکانی ماکیاژ، کەرەسەکانی ماکیاژ، ریش و سمێڵ، کڵاوقژ یان قژی دەستکرد، برین، دروستکردنی کەسێتی پیر، ماکیاژی ئەکسپرسیۆن، دروستکردنی قاڵب، روناکی و هتد.

ریشە و بناغەی ماکیاژ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان کە لەمەراسیمە ئایینیەکاندا بەکاردەهێنرا. لەم مەراسیمانە بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی کەڵکیان لەماکیاژ وەردەگرت، ئەوان روخساریان بەشیلەی گیا و رەنگە کانگایەکان جوان دەکرد و زۆر جار دەمامکیان لەپێستی درەختەکان دروست دەکرد و بەکاریان دەهێنا، بەدرێژای مێژوو ماکیاژ زیاتر لەلای خەڵکی میسر باو بوو کە بەگشتی دەوری چاویان بەرەنگی سەوز و چەندین هێڵی رەش بۆیە دەکرد، ئەفریقاییەکانیش جگە لەبەکاربردنی رەنگی شاد و زیندوو بۆ روخسار، بەپەڕی باڵندەکانیش سەریان دەڕازاندەوە و لەئایینەکانی خۆیان دەمامکی گەورە و بچوکی رەنگا ورەنگیان بەکاردەهێنا.

ماکیاژ لەریزی هونەری نمایشە جوانەکان دێتە ئەژمار، ئەم هونەرە لەسەر بناغەی وێنەکێشان و پەیکەرتاشی دامەزراوە، وێنەکێش سەرەتا بەیارمەتی فڵچە



لاپەڕەکە بەڕەنگێک دادەپۆشێت، دواتر بەرەنگی کاڵ دیمەن یان روخسارێکی جوان دەخولقێنێت. پەیکەرتاشیش بەدروستکردنی قیاس و هێڵ لەسەر گەچ یان قوڕ روخسارێکی جوان دەخولقێنێت، بومی ماکیاژکاریش روخساری ئەکتەرەکەیە کە بەفڵچە و کەرەسەکانی دیکە و بەهۆی پەنجەی دەستەکانی و بەکرێمی تایبەت و پێکهێنانی هێڵی تاریک و روون کەسێتیەکە لەسەر روخساری ئەکتەرەکە دروست دەکات. زۆرجاریش بەگۆڕانی ئەندامانی روخسار بەهەویر و کەرەسەی تایبەت و زیادکردنی هەندێک شتی دیکە وەک پەیکەرتاش هەوڵ دەدات روخسارێکی جوان بخولقێنێت.

گریم بۆ سینەما لایەنی دیکەی هونەریی هەیە چونکە چاوی کامێراکان زۆر وردو هەستیارترە لەچاوی مرۆڤ. هەڵەیەکی بچوک لەبواری رەنگ، یان بوونی پەڵەیەکی بچوک، یان هەڵەیەکی زۆر بچوک کەچاوی مرۆڤ ناتوانێت هەستی پێبکات لەبەرانبەر لێنزەکان یان چاوەکانی کامێرا بەئاشکرا دەردەکەوێت. هەر بۆیە نابێت لەبیر بچێت کەروتوش یان ئیسلاحی فیلمی نیگاتیڤ بەتایبەت لەبواری فیلمە رەنگیەکانی نەتەنیا تەواو و بێ کەموکوڕی نییە، بەڵکو لەهەموو کاتێکدا توانای چارەسەرکردنی نییە، هەر بۆیە بۆ بەکارهێنانی رەنگ لە روخسار و کردەوەی کرکسیۆنی روخسار و کەڵک وەرگرتن لەهونەری تاریک و روون (سایە، روشن) لەبەرانبەر کامێرا کەکاری روتوشی فیلم دەکات بۆ سینەما، تەلەفیزیۆن و وێنەگرتن زۆر پێویستە.

بەسەرنجدان بەمێژووی هونەری ماکیاژ و هەروەها کەڵک وەرگرتن لەم هونەرە لەنێو هەموو نەتەوەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر بۆ بەڕێوەچونی مەراسیمە ئایینیەکان و ..هتد. زیاتر گرنگی ئەم هونەرەمان بۆ دەردەکەوێت. لەکاتێکدا کەهونەری بەرهەمهێنانی فیلم رۆژ لەدوای رۆژ لەپەرەسەندندایە، هونەری ماکیاژیش گەشەیەکی بەرچاوی کردووە و ئەم کارەش لەپاڵ باقی کارەکانی دیکە وەک دەرهێنان، نوسین، دروستکردنی دیکۆر، جلوبەرگ، مۆزیک و. هتد. گرنگی خۆی هەیە و شارەزا نەبوون لەهەر کام لەمانە دەبێتە هۆی کێشە و کەموکوڕی لەفیلمەکەدا. هیوادارم لەکوردستانیش بایەخی زیاتر بەم هونەرە بدەن و بەشێوەی پرۆفشناڵتر چاو لەم هونەرە بکەن و لە بەرە و پێشبردن و ئاشنایی زیاتری لاوان بەم بوارە هەوڵی زیاتر بدەن تابتوانین سینەمایەکی پرۆفشناڵمان لەکوردستان هەبێت.